www.kurdistannet.org
2-6-2003 11:06

# بۆمبه بەشەریەکان!

**سەردار عەبدوڵا/ سوید**

ڕۆبۆتە دوورهاوێژەکان بە سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیا و زانستە پێشکەوتووەکان لە کیشوەرێکی ترەوە لە ماوەیەکی کەمدا دەگەنە شوێنی مەبەستی دڵی جەنەڕاڵەکان و خەونی سەوزی سەدان ئینسان لە شوێنی خۆی دەکاتە زوخاڵ. لەملاشەوە دروستکەر و سازێنەرانی بۆمبە بەشەرییەکان بە سوودوەرگرتن لە دەسکەوتی بەبەردبوو و ئەشکەوتینی هەزار و چوارسەدساڵی لەوەوبەریان، بۆمبە بەشەریەکان بەپێی خوێان ڕەوانەی شوێنی مەبەستی خۆیان دەکەن.

بۆمبە بەشەرییەکانە چاویان تیژە هەر وەکو باز، گوێیان سوکە هەروەك مشکی قەد ڕاونەکراو، بەلاّم کاتێك سیمای جوانی شاردەبینن، گوڵی سەریەخە و لێوی بە سوراوی کچانی قوتابخانەو زانکۆکان دەبینن، کاتێك شاعیرێك دەبینن کە دەیەوێت دوای هەڵدانی پێکێکی نێو بارەکان کەمێك لە دونیای دوون بێخەبەربێت، یاخود شینپۆشێکی کەمانچەژەنی نێو بارەکە بیباتەوە بۆ هاواری ئاشقانی خۆی، بەڵێ، کاتێك کرێکارێکی ماندوو دەبینن کە لە مینوبوسێکدایەو دوای ئەو هەموو سەعاتکارە دەیەوێت مینیبوس خێراترکات و بگەڕێتەوە لای ژن و منداڵەکانی، کاتێك چەند گەنجانێکی لاواز دەبینن کە لەنێو جلی سەربازیاندا باس لە خەونەکانی ڕۆژانی دوای کوتایی سەربازیان دەکەن، ئەمان لەو کاتانەدا چاوەکانیان لەوەناچێت بۆ ساتێکیش ڕۆشناییان بینیبێت بەو جۆرە بۆ هەمیشە کوێردەبن. هەرکاتێکیش نۆتەی گۆرانیەکان بیانەوێ بەرزببنەوە و مرۆڤە دڵدارەکان بەسەمابێنن، هەرکاتێك ئاشقانی دنیایەکی باشتر دەنگهەڵبڕن و وەدەنگبێن ئەمانە مس لە گوێکانیان دەکرێت و بۆ هەمیشە کەڕدەبن. ئەم بۆمبانە، پێچەوانەی مینی چێنراوی ژێر سەرین، کانی و کێڵگەکانی سەر سنوورن کە تەنیا کێشی چەندکیلویەکیان دەوێت تاکو ئینسانت بۆبکەن بە قیمە، ئەمانە تەنیا کێشی وشەیەکیان بەسە، لەنجەی کیژۆڵەیەکی سفور، قورسایی کلیلی سوڵی نۆتەیەکیان بەسە تاکو بتەقنەوە و ئاسمان بەسەر زویدا بڕوخێنن، ئەم بۆمبانە بە لێزەری سورەتەکانی خودا و فتوای ئیمامە شەهوانیەکان ئاڕاستەدەکرێت، ئەم بۆمبانە هەموو شتێکیان لێتۆقە تاکو دەگات بە گیانی خۆشیان.

زۆر کەس سەری سوڕدەمێنێ لەوەی چۆنی دەکرێت خوێن و گۆشتی مرۆڤـ، بێتە باروت، چۆنی دەکرێت ئێسك و پەراسووەکانی مرۆڤ، لەگەڵ پارچەکانی نارجۆکێکی بێگیاندا بەراوردبکرێت؟! دیارە ئەمە بۆ هەر کەسێك ویژدان شکبەرێت سەختە و درەنگ بە ئەقڵیدا دەچێت، هەڵبەت ئەم بەراوردانە ویژدان ئازاردەدەن و تەزوو بەگیاندادەهێنن، بیرکەرەوە! ئەو مرۆڤەی کەمێك لەمەوبەر وەك من و تۆ دەچوو و دەهات ژن و منداڵەکەی چاوەڕێ بوون تاکو نانی نیوەڕۆیان لەگەڵ بخوات وا ئێستاکە لەوێستگەیەکی پڕ خەڵکیدا وەك بۆمبەکانی شارۆن و بوش پارچەکانی چوو بە ئاسماندا، ئەو کوشتارەی کە دەبوو بۆمبێکی بێگیانی میتاڵ ئەنجامیدا ئەم کردی.

لەم سەردەمە جەنجاڵەدا کە دیموکراسی و بەربەربەرێت لە دووبرای دوانە دەچن، دووبرایەك کە ڕوخسار و ڕەفتاریان هەروەك یەکە ئاساییە مرۆڤ، بێتە هەموو شتێك، مرۆڤ، بێتە ڕۆبۆت و ڕۆبۆتیش بێتە مرۆڤ، .

لە یەکێك لە شارەکانی وەك غەزەدا، هێلکەیەکی پیتراوی نێو منداڵدانی ژنێکی ڕەنگپەڕیوی کولاّنە تەسك وتروسکەکانی شار دەبرێت بۆ لای چەند سەید و شێخی لێزان، تاکو ئەو پیاوە پیرۆزانە بە هەقدەستی ئەو ڕۆژەی باوکی چەند سورەتێکی موبارەکی بەسەردا بخوێنن، بەشکوم ئەمە خوایە ئەم سکەیان بە ڕەوا بۆ ببینێت! پاشی ئەوەی سوورەتە پیرۆزەکان کاری خۆیان کرد، کۆرپەی شیرین دێتە دنیا و دەبرێت بۆ لای مەلای مزگەوت تاکو بانگبك بدات بەگوێکانیدا و ناوی کویلەیەکی خوای بکات وەنسیب، ڕۆژانی قوتابخانەش هەرزوو کۆتاییان پێدێت دوای بیکاری باوك و سوتانی تەختەکانی لەلایەن دراوسێ کافرەکانەوە! مزگەوتەکان دەبنە قوتابخانەی پیرۆز، مەلا سیاسیەکان دەبنە مامۆستا و تەگبیرکەر، منداڵی بێچارەش هەرزوو دەبێتە جێگری باوك و بەخێوکەری خیزان، بەو شێوەیە کاری حیزبی خودا و سازێنەرانی بازاڕی بۆمبە بەشەریەکان مەیسەردەبێت.

کاتێك وەلاّمدانەوە بە خواستەکانی گەنجێك لە پیداویستیەکانی ژیان دەبێتە موستەحیل ئاساییە خەونەکانی سواری ئەسپی خەیاڵی سوورەتەکان بن و بفڕن بۆ دنیای حۆریەکان و ڕووبارکانی شیر و شەراب، بەلاّم بەدەستهێنانی ئەو دنیایە جیهاد و وازهێنان لەژیانی کاتی سەرزەوی دەوێت، دەبێت لەم دنیایە بیتە پارچە پاچە تاکو لەوە دنیا کۆبیتەوە و بە ڕووی سوورەوە بچێتە حزوری خودای خۆی. سەربازەکانی خودا ناتوانن دەستبەرداربن لە بێنرخکردنی ئەم دنیاو هەڵدان بەبالاّی دنیای دوای مردن، ئەوان لە بێکاری،

دەربەدەری و جەنگ وکوشتار ناندەخۆن و بەئاسانی بە بۆمبە بەشەریەکانی دەسەلمێنن کە ئەم دنیایە بێنرخ و پوچە، تاکو زووتر کۆچبکەیت و ببیتە پەنابەری ئەوە دنیا درەنگە !

نوبلٚ لە دۆزینەوەی دینامێت نیگەرانی لەوە هەبوو لە دژی مرۆڤ، بەکاربهێنرێت، ئەو فرۆکەوانەی بۆمبی ئەتۆمی دا بە هێرۆشیمادا شێت بوو، گەر بێتوو بۆمبە رۆبۆتەکان یەکێك لە بازنە ئەلیکترۆنیەکانی بریتیبن لە هەستی ئینسانی ئەوە بێگومان کاتێك لە ئاسمانەوە چاوەکانی مرۆڤ، دەبینێت کاتێك دەسترەنجی مرۆڤ، لە ئاوەدانی و شارستانیەت دەبینیت، پێشی ئەوەی بگاتە سەریان لە ئاسماندا خۆکوژی دەکات و ئەو شەرمەزاری و تاوانە ناخاتە تەوێڵی، بەلاّم کاتێك مرۆڤ، لە هەستەکانی خاڵی دەکرێتەوە دەبێتە ئەو بۆمبە بێگیان و هەستەی کە هیچ شەرمەزاری و مرۆڤایەتیەکی لامەبەست نیە !

ئاخۆ ئەو رۆژە کەی بێت، کە تەکنەلۆژیا و بەرهەمێنان هەر شتێکی تر پیوانەکانیان خزمەتکردن بەمرۆڤ، بێت، تاکو بۆمبە میتاڵەکانیش بازنەیەکی ئەلیکترۆنی لە ئیحساساتی ئینسانی وەنسیببێت و بۆمبە بەشەریەکانیش بنەوە مرۆڤە ڕاستەقینە خۆشبەختەکانی ئەم دنیایە؟!

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.